٢٤ - ٢٥

پانۆرامای کۆژراو و رووداو و تیرۆرکراوانی کوردستان

ئەوەندەی لە ناوخۆ کوژران، بەرانبەر بە دوژمن نەکوژران!

شوان رابەر

کۆژراو و تیرۆرکراوەکانی لایەنەکانی کوردستانی ئێران

بێگومان هەر لەسەرەتای سەرهەڵدان و دروستبوونی حیزبەکانی کوردستانی ئێران تا ئێستا بە جۆرەها هۆکار و شێوە لە چەندان جێ لەناوەو لە دەرەوە چەندان کادیر و ئەندام و سەرکردەیان لەشەڕ و بێ شەڕ لێ کوژراون، بەجۆرێ لە ئامار نایەن، زەرەروزیانێکی ماددی و گیانی زۆریان لێ کەوتووە، ئەوەی من مەبەستمە وەکو لایەنەکانی تری کوردستان ئەو کەسانەن کە لە شەڕی ناوخۆ کوژراون، یا لە پەناو پەسیوان بە فڕوفێڵ و بە خیانەت بۆ پارەو پول و مەرامی تایبەت و بازرگانی پێوەکردن یابۆ لایەنێک کوژراون، بەکورتی دەرز و تۆماریان بکەین، تا بزانین چەندیش لەوان لە کوردستانی خۆمان و لە دەرەوە بە دەستی هەلپەرستان کوژراون، کە زۆربەیان خەڵکی کورد و لایەنە کوردستانیەکان بەم کارە هەستاون.

* ١٩٦٨ مەلا رەحیمی وێجی (میرزا احمد)ی سەرکردەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندی سورەدزەی ناحیەی ماوەتی سلێمانی لەلایەن هێزێکی پارتی کوژراو چوار کەسیشیان بەدیل گرتن و تەسلیمی ئێرانیان کردنەوە، لەوانە خەلیل مستەفازادە ناسراو بە خەلیل شەوباش بەپێی سەرچاوەکانی دیموکرات.
* ١٩٦٨ سلێمان موعینی ئەندامی سەرکردایەتی دیموکرات و مەلا ئاوارە گەورە بەرپرسی حزب و چەند پێشمەرگەیەکیان لە حاجی ئۆمەران لەلایەن هێزێکی پارتی کوژران بەپێی سەرچاوەکانی خۆیان.
* ١٩٧٠/٣ مەلا حسین مارغانی ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی ئێران لە شاروچکەی قەڵادزێ کوژرا.
* ١٩٧٠/٣ مەلا قادر وەردی ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ محەمەد سەدیقی کادیری حیزب لە ناوچەی بانەی ئێران کوژران.
* ١٩٩١/٤/٢ ملازم یونس رحیم محمد سابلاخی لە بازیانی سلێمانی کوژرا.
* ١٩٩٠/٤/٢٤ د.کازم رەجەوی ئەندامی ئەنجومەنی مقاوەمەتی میللی ئێران لە نزیک مالّی خۆی لە ئوستانی وودی ولّاتی سوێد کوژرا.
* ١٩٩٤/٨/٥ غەفور هەمزە بانەیی ئەندامی سەرکردایەتی حزبی دیموکراتی ئێران لە بەغدا کوژرا.
* ١٩٩٩/٦/١٠ لە گەڕەکی رەشیدیەی بەغدا لە سەیارەیەکی مێك زەمینی مجاهدینی خەڵك درا و سێ کەسی تیا کوژران.
* ١٩٨٤ دوو پێشمەرگەی دیموکراتی ئێران لە گوندی (سێلوێ) لەلایەن پارتی و ئێران کوژران.
* ١٩٦٨ لە گوندی ئالانی سەر سنوری ئێران ئێران، (٥) پێشمەرگەی دیموکراتی ئێران لەلایەن پارتی و ئێران کوژران.
* ١٩٦٥ پارتی لەسەر سنوری ئێران عێراق لە بنکەو بارەگاکانی حزبی دیموکراتی دا، تەرت و پەرتی کردن.
* ١٩٦٩هاشمی تەق تەلەبی ناسراو بە قادر شەریف خەباتگێڕی کوردی ئێران لە مزگەوتێکی سلێمانی کوژرا لەلایەن (ی.ل) ئەندامێکی پارتی.
* ١٩٩٦ لە ئۆردوگای جەژنیکانی سەر بە هەولێر لە ئاوارەکانی دیموکرات درا و چەند کەس کوژران.
* لە سەردەمی شا، پارتی چەندان کەسی ئۆپۆزسیۆنی ئێران لە ئێران و لە کوردستان گرتن و تەسلیمی ئێرانی دەکردنەوە، دەرەنجام لەسێدارە دەدران، یا زیندانی هەمیشەیی دەکران، بۆ وێنە هەندێك لەوانە گوللەباران کران: صالح لاجانی، سلێمان کەرخەشان، عەولا بایزەمەغە، حەمەسور، (٧)یش زیندانی کران.
* ١٩٩٢ لەشاری سلێمانی چەند کادیر و ئەندامێکی حزبی دیموکرات و زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کوژران.
* ١٩٨١/١١ هێزێکی پارتی لە گوندی بایزاوی نەغەدەی ئێران (٩) کەسی گوندەکەیان کوشت، بەناوی (فتاح خدرتاج، عزیز، عبدالله مولودی، احمد مناف، سادق زەندی، عسمان رامین، مستەفا رەحمان، مەولودی، سالح علی زناور، ئەبوبەکر سوجە).
* ١٩٨١/٨/٣٠ پارتی لە ناوچەی مەرگە هێرشی کردە سەر بنکەو بارەگاکانی حزبی دیموکراتی ئێران و هەشت کادیر و پێشمەرگەی لێ کوشتن.
* ١٩٨٣/١٠/٣ هێزێکی پارتی و ئێران هێرشیان کردە سەر چەند گوندێکی شنۆ، دەرەنجام شەش کەس لە کوردەکانی ئێرانی کوژران بەم ناوانە: (سید ابراهیم سیادەتی، اسماعیل دیواری، حامید پورکابانی، سۆفی عبدول احمد، سلێمان عبدول احمد، مارف مینە خالە).
* ١٩٨٣/٨/٤ لەناوچەی سەردەشتی ئێران حزبی دیموکراتی ئێران چەند پێشمەرگەیەکی کۆمەڵەی ئێرانیان کوشت.
* ١٩٩٥ لە گەڕەکی ئەفسەرانی شاری هەولێر لە نزیك مزگەوتی حاجی برایم گەردی، بەچەکی قورس لە بارەگای حزبی دیموکراتی ئێران درا.
* ١٩٩٠/٩/٢٠ عبدالله بیژن فەر ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران خەڵکی شاری مهاباد لە رانیە کوژرا.
* ١٩٩١/٦/٥ مام حبیب ئەندامی کۆمەڵەی ئێران خەڵکی شاری سنە لە رانیە کوژرا.
* ١٩٩١/٧/١ کامەران مەنسور ناسراو بە مەنوچەهر ئەندامی یەکێتی کۆمۆنیستان لەسلێمانی کوژرا.
* ١٩٩١/٨/٢٢ ئەحمەد کورد کەشی ئەندامی دیموکرات خەڵکی شاری ئەردەبیلی ئازربایجان لە سلێمانی کوژرا.
* ١٩٩١/٨/٢٧ محمد فەتحی ناسراو بە ئارام پێشمەرگەی کۆمەڵە خەڵکی سنە لەسەر ڕێگای گوندی زرگوێزی سلێمانی کوژرا.
* ١٩٩١/٩/١ سابیر فەرهادی ناسراو بە سارم ئەندامی کۆمەڵە خەڵکی سنە لە سنوری باوزێی قەڵادزێ کوژرا.
* ١٩٩١/٩/٢٩ جەلیل مامائی ئەندامی دیموکرات خەڵکی پیرانشار لە گوندی ئینەزە و بۆڵێ ی بناری چیای کونەکۆترى سەنگەسەر کوژرا.
* ١٩٩١/٩/٢٩ حەسەن عەلی پور ناسراو بە حەسۆ، ئەندامی دیموکرات خەڵکی پیرانشار لە ئێندزە کوژرا.
* ١٩٩١/٩/٢٩ مەلا ڕەسول گەردی ئەندامی دیموکرات خەڵکی پیرانشار لە ئێندزێ ی سەنگەسەر کوژرا.
* ١٩٩١ سەعید یەزدان پەنا ئەندامی یەکێتی ئینقلاب خەڵکی بۆکان لە سلێمانی کوژرا.
* ١٩٩١ خالد سەقزی ئەندامی سازمانی خەبات خەڵکی سەقز لە رانیە کوژرا.
* ١٩٩١ محمد بابایی ناسراو بە حەمەڕەش خەڵکی سەقز لە سلێمانی کوژرا.
* ١٩٩١ کەمال زورەیی پەناهەندەی ئێران خەڵکی سەردەشت لە دۆڵی شەهیدانی رانیە کوژرا.
* ١٩٩١ عوسمان زورەیی ئاوەری ئێران خەڵکی سەردەشت لە دۆڵی شەهیدانی رانیە کوژرا.
* ١٩٩١ کمال قادر زادە ئەندامی دیموکرات خەڵکی مەریوان لە پێنجوێن کوژرا.
* ١٩٩٢/١/١٣ محمد خدری ئەندامی دیموکراتی خەڵکی سەقز لە سلّمانی کوژرا.
* ١٩٩٢/٦/٢ محمد ڕەحمانی ئەندامی دیموکرات خەڵکی پیرانشار لە چۆمانی سۆران کوژرا.
* ١٩٩٢/٦ علی تاوەرە ئەندامی دیموکرات خەڵکی مەریوان لە هەڵەبجە کوژرا.
* ١٩٩٢/٦ هادی مەحمودی ئەندامی دیموکراتی ئێران خەڵکی هەورەمان لە هەڵەبجە کوژرا.
* ١٩٩٢/٦ سالار سعید پەنا ئەندامی دیموکرات خەڵکی سنە لە هەڵەبجە کوژرا.
* ١٩٩٢/٦ فخرالدین مرادی ئەندامی دیموکرات خەڵکی سنە لە هەڵەبجە کوژرا.
* ١٩٩٢/٦/١٧ ابراهیم شێخە ناسراو بە بالّدار ئەندامی دیموکرات خەڵکی بۆکان لە سەرجادەی ڕەواندوز کوژرا.
* ١٩٩٢/٧/١ شاپور فەیرۆزی ئەندامی دیموکراتی خەڵکی کامیران لەرانیە کوژرا.
* ١٩٩٢/٩/١ سەتار جەلالی ئەندامی دیموکرات خەڵکی نەوسود لە مام خەتیب کوژرا.
* ١٩٩٢/٩/١ خدر ئەلماسی ئەندامی دیموکرات خەڵکی شنۆ لە مام خەتیب لێدراودواترمرد.
* ١٩٩٢/٩/١ محمد امین معروفی ئەندامی دیموکرات خەڵکی پیرانشار لە مام خەتیب لێدرودواتر مرد.
* ١٩٩٢/٩/١٧ دکتۆر سادق شەرەفکەندی سکرتێری حیزبی دیموکرات خەڵکی بۆکان لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا کوژرا.
* ١٩٩٢/٩/١٧ فتاح عەبدولی ئەندامی دیموکرات خەڵکی نەغەدە لە بەرلین کوژرا.
* ١٩٩٢/٩/١٧ هەمایۆن ئەردەلان ئەندامی دیموکرات خەڵکی سەقز لە بەرلین کوژرا.
* ١٩٩٢/٩/١٧ نوری دهکردی ئەندامی چەپەکان خەڵکی شەهرکرد لە بەرلین کوژرا.
* ١٩٩٢/١١/١٣ شاهرخ مرادی ئەندامی دیموکرات خەڵکی سنە لە دەربەندیخان کوژرا.
* ١٩٩٢/١١/١٣ انور ابراهیمی ئەندامی دیموکرات خەڵکی سنە لە دەربەندیخان کوژرا.
* ١٩٩٢/١١/١٣ صلاح مرادی ئەندامی دیموکرات خەڵکی سنە لە دەربەندیخان کوژرا.
* ١٩٩٢/١١/١٣ رشید ڕۆستەمی ئەندامی دیموکرات خەڵکی سنە لە دەربەندیخان کوژرا.
* ١٩٩٢/١١/١٣ تاهیر مەنوچەهری ئەندامی دیموکرات خەڵکی نەسود لە دەربەندیخان کوژرا.
* ١٩٩٢ محمد نەزری ناسراو بە مام نەزر ئەندامی ڕەنجدەران خەڵکی قلخانی ئێران لە عەربەتی سلێمانی کوژرا.
* ١٩٩٢ سیف الله سلێمان پور ئاوارەی ئێران خەڵکی سەقز لە سلێمانی کوژرا.
* ١٩٩٢ ڕەزا سلێمان پور ئاوارەی ئێران خەڵکی سەقز لە سلێمانی کوژرا.
* ١٩٩٢ کامەران سلێمان پور ئاوارەی ئێران خەڵکی سەقز لە سلێمانی کوژرا.
* ١٩٩٢ محمد میهرەبانی ئەندامی دیموکرات خەڵکی مەریوان لە ئۆردوگای باریکەی سلێمانی کوژرا.
* ١٩٩٢ کریم گاگلی لایەنگری دیموکرات خەڵکی مەریوان لە پێنجوێنی سلێمانی کوژرا.
* ١٩٩٢ احمد گاگلی لایەنگری دیموکرات خەڵکی مەریوان لە پێنجوێنی سلێمانی کوژرا.
* ١٩٩٣/٣/١٠ کامەران شافیعی ئەندامی دیموکرات خەڵکی مهاباد لە رانیە کوژرا.
* ١٩٩٥/٦/١ لە گوندی داری قەمتەرانی بیتوێن لە (مێك زەمین)یکی حزبی دیموکراتی ئێران درا، دوو کەس تێیدا زامدار کران.
* ١٩٩٧-٢٠٠٠ (٣٠) کادیر و ئەندامی حزبی دیموکراتی ئێران کوژراون.
* ١٩٩٥/١٠/٢٣ لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی (٥) کەسی سازمانی شورای مەرکەزی کوردستانی ئێران کوژران، کە ئەمانە بوون: (سید تالب حسن جێگری سازمانی شورای مەرکەزی، مسلم حسێن کارگێڕ، منصوری فیدایی فەرماندەی دەستە، ئافتاوی حسێن خێزانی سەید تالّب ، کەتانی حسێنی کچی سەید تالّب).
* ١٩٩٣/٧/٢٢ جەمال نامی ئەندامی دیموکرات خەڵکی شاری سنە لە سلێمانی کوژرا.
* ١٩٩٣/٨/١٢ سعدون عباسی پەناهەندەی ئێران خەڵکی مهاباد لە رانیە کوژرا.
* ١٩٩٣/٨/١٢ احمد فاتی، پەناهەندەی ئێران خەڵکی سەردەشت لە رانیە کوژرا.
* ١٩٩٣/٨/٢٥ دکتۆر بەهرام کەسایەتی سیاسی پەناهەندەی ئێران خەڵکی تەبرێز لە رانیە کوژرا.
* ١٩٩٣/٩/٣ بەهرام ئازاد فەر ئەندامی دیموکرات خەڵکی ئورمیە لە ئانکارا کوژرا.
* ١٩٩٣/٩/٦ محمد قادری ئەندامی دیموکرات خەڵکی پیرانشار لە ئانکارا کوژرا.
* ١٩٩٣/٩/١٠ ملا احمد درویشی ئەندامی دیموکرات خەڵکی ئورمیە لە دیانا کوژرا.
* ١٩٩٣/١١/٢ عسمان عوسمانی ئەندامی کۆمەڵە لە سلێمانی کورژا.
* ١٩٩٣/١١/٣ سدیق رشیدی کەسایەتی سیاسی ئێرانی لە سلێمانی کوژرا.
* ١٩٩٣/١١/١١ محمود مجاهدی ئەندامی دیموکرات خەڵکی سەردەشت لە حاجی ئاوا کوژرا.
* ١٩٩٣ محمد شێخە پور، ئەندامی دیموکرات لە سەنگەسەر کوژرا.

پاشماوەی: هەڵوەستەیەک لەبارەی ڕاپۆرتی ...

بکرێن، چونکە تا ئەم ساتەش کوردستان بەهۆی شەڕی براکوژی نێوان دوو هێزە سەرەکیەکە پچڕپچڕەو، دەسەڵاتی کوردی لە یەك حکومەتی ڕواڵەتی و دوو میرنشینی جیاواز پێکهاتووە، ئینجا خودی مام جەلال لە بەغدا بە فیدرالّی شارەکان قایل نەبوو، چونکە بەوپێیە کوردستان دەبووە پێنج پارچە.

٨- باسی هاوپەیمانی پارتی و یەکێتی کردوە، بەڵام لەو ١٦٠٠ کادیرەی لەو پلینیۆم ئامادەبوون، چوارکەسیان نازانن ئەو هاوپەیمانیە چۆنە، لەچەند ماددە پێکهاتووە، زەمانەتی مانەوەی چیە، بۆ کەس نیە ئەو پرسیارە بکات، هەرووك دیسان بەلێلّی باسی دابەشکردنی داهات کرا.

٩- باسی لەوە کردۆتەوە وەك هێزێکی سۆسیال دیموکراسی... ئەوە واپێویست دەکات بەراستی وەك ئەو هێزانە بن لە بەرجەستەکردنی نێوخۆی حزب و دەسەڵات، لە ڕووەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی ... لە هەموش گرنگتر لەکوێی جیهاندا بووە هێزێکی سۆسیال دیموکراسی، میلیشیای هەبێت.

١٠- باس لەوەدەکات کە هاوپەیمانیەکەی بەغدا فراوان بکرێت، حزبی ئیسلامی و ویفاق و (حشع)یش بگرێتەوە.. ئەی بۆچی هێزی کوردی تری وەك (گۆڕان)، (یەکگرتوو)، (کۆمەڵ) نەگرێتەوە، کە پشت و پەنای ئێوە دەبن.

١١- زۆر بەسەر (حافز ئەسەد)ی هەڵوەتووە.. پێویستی نەدەکرد دیکتاتۆر و خوێنڕێژ و دژبەکورد وای بەسەردا هەڵبڵێن.

١٢- لە چوارچێوەی پەیوەندی دەرەوە پرپەتی لە لادانی یاسایی و بڕیاری سەرۆکی هەرێم، کە جەختی لەوە کردۆتەوە، نابێت حزب پەیوەندی دەرەوەی هەبێت، بەڵکو دەبێ حکومەتی هەرێم بەو کارە هەڵسێ، کەچی ئەو هەموو پەیوەندیەی دەرەوە هەمووی حزبیە، وەك لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، سەرۆکی هەرێمیش توشی ئیحراجی کردوە، جا نازانرێ چۆن پینەی بکات و داوای سەروەری یاسا و جیاکردنەوەی حزب و حکومەت بکات.

١٣- باس لە پلانێکی ئابوری دەکا، کە هانی گەندەڵی تێدایەو دەستخۆشی لە سەرهەڵدانی برجوازییەت لە کوردستان دەکات، هەڵبەتە سەرهەڵدانی برجوازی لە کوردستان ٩٠٪ی لەڕێی گەندەڵی و شەریکی لەگەڵ حزب و بەرپرسان و خواردنی سامانی گشتی، بەشێوەیەکی سروشتی و لە چوارچێوەی بەرهەمهێنان برجوازی دروست نەبوو.

١٤- لە کتێب و نوسین و گوتارەکانی مام جەلال (بەتنایبەتی لە-جۆشدانی خەبات)دا، ئەو کارەساتانەی براکوژی و پەرتەوازیی دەداتە پاڵ قیادە موقتە و حسك و حشع و دەستی دوژمنانی داگیرکەر، کەچی ئێستا لەناکاو داویەتیە پاڵ هاوەڵەکانی خۆی لە مەکتەبی سیاسی.!

١٥- ئەگەر نەوشیروان مستەفا وەسفی مارکسی بە (گەڕوگول) کردبێت و وتبێتی (سۆسیالیزم) باوی نەماوە، ئەوە ئەو چاکتر بۆی چووە، ئینجا لە چەند نوسینێکی تری یەکێتی، وا هاتووە کە نەوشیروان دژی ئیسلامیەکان نیە. ئەو وەسفانە چاکن.

١٦- هەندێك خاڵی مەترسی تری باسکردوە، ئەگەر بگاتە دەست دوژمن، زۆر مەترسیدایە، بەپێی ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەدا هاتوە، ئۆپەراسیۆنی ئەنفال و کیمیای و کارەساتی هەڵەبجە، دەکەوێتە ئەستۆی کورد و، (صدام و علی کیمیاوی و سوڵتان هاشم) بێتاوان دەردەچن، ترسی ئەوەم هەیە خزم و کەسی صدام و تەها یاسین ڕەمەزان و لەسێدارەدراوەکانی تر، بە پشت بەستن بەم ڕاپۆرتە، داواش لەسەر کورد تۆمار بکەن و بڵێن ئەوانە بە هەڵە و ستەم حوکم دراون.

١٧- باسی لە شکستەکانی ڕاپەڕین کردوە، دەڵێ: نەوشیروان هەڵات و مەیدانی چۆڵکرد، لەڕاستیدا بەشی هەرەزۆری بەرپرسان هەڵاتن، مام جەلال خۆیشی ئەوسا لە کوردستان بوو، لەڕێی زاخۆ چووە دەرەوە، پێم وانیە نەوشیروان و کۆسرەت و مەسعود بارزانی و بزوتنەوەی ئیسلامی، ئەوسا دڕێژییان کردبێت، ئەوانە تا ڕادەیەك لە پێشەوەی بەرەکان بوون.

١٨- باس لە پڕۆژەی (لیژنە جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت) کراوە، بەڵام هەر لەو ڕاپۆرتەدا بەرجەستەی دەکات و داکۆکی لێدەکاتەوە، دان پیادەهێنێ کە وا پێکەوە نوساوە، لیژنە جیانابێتەوە.

١٩- دان پیاهێنانێکی زۆر ترسناکی تێدایە، وای بۆدەچین ئەگەر بکەوێتە دەست نەیارەکانی بەغدا، خراپ بەسەرماندا دەشکێتەوە، تیایدا هاتووە کە ئەو پارەیەی وەری دەگرێت، بە چەك و کەلوپەل دەدرێت، واپێدەچێت ویستبێتی پینەی ئەو پارەزۆرە بکات کە وەردەگیرێت.. باشە یەکێتی بۆچی چەك دەکڕێ؟ بۆ کێ؟ ئەی وەزارەتی پێشمەرگە کاری چیە؟ ئەوە دان پیاهێنانێکی ئاشکرایە بە بوونی میلیشیا. وادیارە حزب موچەی (ه.پ.ك) و شەهیدان دەدات، چەك دەکڕێت... هەرهەمو ئەوانە تەرت و وێرانی یاسا و حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێمە.

٢٠- لە خاڵی دواتر باس لە پەیوەندی لەگەڵ کۆریەکان و بیانیەکان دەکات، لە چوارچێوەی ئەو هەڵمەتەی بۆ سەر نەوشیروان، دیسان نهێنییەك یاسایی ترسناك ئاشکرا دەکات، مەترسی هەیە کە بەغدا لەوبارەوە لێپێچینەوە بکات، دەڵێت کە ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی حزب لە سلێمانی سود لەو (٣٠٠) ملیار دۆلارە نەکات کە کۆریەکان پێیان دابون و کەوتە دەست پارتی.

٢١- نەدەبوو ڕای گشتی میللەتی کورد بە کۆنە جاسوسی و ئیسلامی و جاش وەسف بکات، لەبەرئەوەی ئەوانە دەنگیان بە گۆڕان داوە، چونکە ئەوانە (٢٥) کورسییان هێناوە، ئینجا ئیرادەی گۆڕان (بەمانا فراوانەکەی) ئیرادەیەکی گشتی میللەتی کوردە، لە زاخۆ تا خانەقین، تەنانەت مام جەلال و کاك مەسعود و سەرکردەکانی تری کوردستانیش دەڵێن پێویستە ئەو واقیعەی کوردستان بگۆڕێت، ئیتر ئێوە نایگۆڕن، خەڵك ڕوو لە لایەکی تر دەکات.. نەدەبوو ئەو خەڵکە دڵسۆزە هەرجارەی بە (کوێر) و (سەگ) و... جاسوسی تاوانبار بکرێن، جگە لە بەشمەینەتی، چیتریان لەئێوەش نەبینیوە.

کۆمەڵێك باسی زۆر گرنگیش هەبوو، ئەو ڕاپۆرتە بەلایدا نەچووە، لەبەر هەڵچون و گرژی ناوخۆییان، دەبوایە باسی چارەنوسی عێراق، بەندی حەفت، مەسەلەی نەوت، سیستەمی ئابوری، کێشەی هەژاران، گەنج، ئافرەت، پەرتەوازیی... گەلێ بابەتی جەوهەری تری زۆر لە ڕاپۆرتەکەدا هەبوایە.

هیوادارین ئەو هەڵوەستەیەمان ببێتە مایەی سوودوەرگرتن و دەوڵەمەندکردنی ئەو پرۆژانە، نەك لەکەدارکردن و ڕوخاندنی.

کێتان بکەمە پاڵەوانی ڕۆمانی ئەم دورگەیە!

هاوار ربانیخیلانی

Hawar6868@yahoo.com

دڵسۆزانە بروسکەی پیرۆزبایتان بۆ دەنێرم، دوای ئەوەی کە پێگەیشتن و بەرەو لوتکەی گەشەکردن خۆتان ڕاپسکاندو پێشانیش وەك دەریاوانێك ژیانتان دەگوزەراند، ئێستاش حکومرانی ئەم دورگەیە دەکەن و پێتان دەگوترێ عالی مقام.

بەڵام کە ئەمڕۆ ئێوە ئاسکێکی خوێنشیرین و ناسك و جوانتان لێ دەرچوەو لەناو میرغوزاری پر سەوزازە ڕادەبوێرن و چواردەورتان بە سیمی خاردار گیراوە کەوتونەتە ژێر ئینتیدابی حکومرانی ئەم دورگەیە.

ناچار ڕۆژێك لە ڕۆژان گەر بەخت یاوەر بو بەیەکجاری بۆتان چۆڵ بکەم و گەر تەمەن مەودای دام ڕۆمانێکی لەسەر بنوسم، بەڵام نازانم کێتان بکەمە پاڵەوانی ڕۆمانەکە، ئەوەشی تۆزقاڵێك شارەزایی لە ئێوە هەبێ یەکسەر بروا دەکات کە ڕۆمانەکە ڕۆمانێکی خەیاڵی نیە، چونکە سەردەمانێك تفەنگەکانتان ڕو بە دەرگای (خوا) دەتەقاند تا خوا بەهانامانەوە بێت!!!

کەچی ئێستا ئێوە دەنگی نەمساوی نابیستن، لەو ڕۆمانە خەیاڵاوییە کە پێم وایە دەینوسم تەنها وێنەی باپیرە گەورە بەهەمو شکۆو هەیبەتیەوە لەنێو لاپەرەکانی خەیاڵم دەرازێنمەوەو یادی ئەو شێرەپیاوە بەزیندویی ڕادەگرم و حاپولکی کەسی تر نادەم، پێم بڵێن کێتان بکەمە پاڵەوانی ڕۆمانەکە؟

شەهیدێکی بەرگ خوێناوی چیای ڕەش؟

یان پێشمەرگەیەکی سەرمابردو؟

یان کەڵە ژنێکی پشت میزە وەنەوشەییەکان؟

نا تەنها کەڵە ژنێکی پشت میزە وەنەوشەییەکان شیاوی ئەو پاڵەوانیەتیەن لە ئاستی ئەم نایەکسانیەتیەدا دەستنیشان بکرێت و ڕەگ و ریشەی فەرهەنگیان بخرێتە سەر خامە، چونکە تەنها بەم شێوازە دەتوانرێت بە باشی دەرفەتی بەراورد بڕەخسێنێ و جیاوازیەکانیان ئاشکرا بکەیت لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆ. بۆ بەرگی ڕۆمانە کەش پرس بەکەستان ناکەم چونکە باشترین سەرەتام بۆ داناوە و بەناوی(پیاوە بۆیاخاویەکانی پشت میزە وەنەوشییەکان) دەست بە نوسینی دەکەم.